

# تێڕووانینێک لە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان-ئێراق

ڕێبوار رەشید

## پێشەکی

دانیشتووانی باشووری کوردستان، [“هەرێمی کوردستان–ئێراق”]، لە دەست یەکێک لە دڕندەترین جۆرەکانی داگیرکەر ڕزگاریان بوو. ئەوە دەرفەتێکی شایانباسی بۆ پرۆسەیەکی سیاسیی جیددی ڕەخساند کە تیایدا باسی گرینگی وەکوو سیستەمی سیاسیی بۆ خۆبەڕێوەبردن، دیموکراسیی، دادپەروەریی کۆمەڵایەتیی، یاسا و حکومەتی یاسا و چەمکگەلی سیاسیی دیکە بخرێنە ژێر باس.

ڕاپەڕین و سەرکەوتنەکانی باشووری کوردستان دەستکەوتی وەکوو جێگیرکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دامەزراندنی پارلەمان و دامودەستگاگەلی دیکەی بەشوێن خۆیدا هێنا. هەوڵدان بۆ دانانی دەستوورێک بۆ دانیشتووانی ئەو “هەرێمە” بەشێکە لە درێژەدان بەو دەستکەوتانە کە پێکەوە دەبنە مایەی سەقامگیربوونی سیاسیی.

لەو ڕووەوە هەنگاونان بۆ ئامادەکردن و هەوڵدان بۆ داڕشتنی ئەو دەستووورە جێی ئافەرین و پێزانینە. لە کۆنکرێتکردنی ئەو خاڵانەدایە کە خەڵکی کوردستان، بە هەموو جۆرە بیروبۆچوونێکەوە، دەتوانن پرسیارەکانی خۆیان بکەن، داوای ڕوونکردنەوە بکەن و ڕەخنەی بەجێ و دروستکاری لێبگرن؛ وا کە لە ئاییندەیەکی نێزیکدا ببێت بە دەستوورێک کە مافەکانی تاکەکەس و گرووپ و توێژ و چینی کۆمەڵگای کوردستان بپارێزێت.

لەگەڵ دەستخۆشیکردنمدا بۆ ئەوانەی ئەرکی ئامادەکردن و هەروەها کوردی نووسینەکەیان وەئەستۆگرتووە، بە هیوای باشترکردنی ئەو دەستووورە، من بۆچوونی خۆمی لەسەر دەردەبڕم. لەو بارەیەوە بە گرینگی دەزانم ڕای بگەیەنم کە من بە جێگەی“دەستوور” لە دەستە واژەی “پرۆژەی دەستوور” کەلک وەردەگرم.

لەم پڕۆژەی دەستوورەدا، داڕشتنی زمانەکوردییەکە لەلایەکەوە کوردیی ئاخافتنە نەک نووسین و، لەلایەکی دیکەوە لە ژێر کاریگەریی زبانی عەرەبییدایە. هەروەها لەباری ڕێنووسی کوردیەوە، ئەو ستانداردە کە بەگشتیی لە خۆرهەڵاتی کوردستاندا باوە و سەرکەوتووە، لەبەرچاو نەگیراوە. بە واتایەکی دیکە سەرلەنوێ داڕشتنەوەی ئەو دەستوورە لە ڕووی زمانیەوە ئەرکێکی پێویست و حاشاهەڵنەگرە. یەک، لەبەر

بایەخی زمان . دوو، لەبەر بایەخی زمانی کوردیی کە ئیتر دەبێت بە جیددی مامەڵەی ڕەسمیبوونی لەگەڵدا بکەین. بەتایبەتی سەبارەت بە تێکستی ڕەسمیی کە لە ئاستی لەم چەشنەدا بێت.

بۆ ئەوەی ڕەخنەکەم زیاتر کۆنکرێت بێت ئامادەم پێشنیاری خۆم بۆ دووبارە داڕشتنەوەی تێکستەکە بەو لایەنانە بگەیەنم کە ئەو ئەرکەیان پێ دەسپێردرێت. لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵ دەدەم لەم باسەدا لێرە و لەوێ بە سەرپێیی ئاماژە بە هەندێک لەو هەڵانە بکەم.

## ئاماژە، پێشنیار و ڕەخنەکانی من لەسەر دەستوور

### من بەو شێوەیەی خوارەوە ئاماژە بەو خاڵانە دەکەم:

١. پێویست ناکات دەستوور بە ناوی "خودا" وە دەست پێ بکات. چونکە هەبوونی "خودا" لەو دەستوورەدا دەبێتە پەیداکردنی لایەنی سێهەم بۆ ئەو دەستوورە و بەو شێوەیەش دەستتێوەردانی ئەو لایەنی سێهەمە بە بابەتگەلێکەوە کە پێوەندی بەو دەستوورەوە نییە. بەشی پێشەکیی، دێڕی ٢ و ٣ "... خوا بە ئادەمیزادی بەخشیون" وشەی "خوا = [خودا]"، "ئادەمیزاد" و "بەخشین" سێ وشەی ناپێویستن. وشەی "مرۆڤ" لە زمانی کوردییدا وشەیەکە لە ڕووی ڕەنگ و ڕووخسار و توخم ئایین و باوەڕ و ڕەگەزەوە بێلایەنە و لەبەرئەوە ئەڵتەرناتیڤێکی باشترە.

٢. بەشی پێشەکیی، کۆتایی برگە، دێڕی ١١ "٨٢ هەزار" یان ١٨٢ هەزار؟ ئایا لە باسی ڕزاریخوازییدا دروستە ئاماژە بە کۆی قوربانیان لانی کەم لە سەدەی ڕابردوودا بکرێت یان تەنها باسی بەشێک لەو مێژووە بکرێت؟ لە مێژووی مۆدێرندا لە سەرەتای جەنگی جیهانیی یەکەوە تا ئێستایش (چونکە ئێستایش لە ئێراقدا کورد بە شێوەی جودا دەکوژرێت) کورد کەمتر لە نیوملیۆن قوربانیی نەداوە. ئاوارەکردن و دەربەدەرکردنی سەدان هەزار و بگرە ملوێنیش، بێ لە زیانی دیکە کە لە کورد دراون، تاوانی کەمتر لە کوشتن نیین. با بڕووانینە جەنگی سەربەخۆیی پاشا محمودی حەفید ،سەرهەڵدانی بارزان، شۆڕشی ئەیلوول، ڕووداوەکانی پاش ڕووخانی پاشایەتی و هاتنی سیستەمی کۆماری بۆ ئێراق بە تایبەتی لە ساڵی ١٩٦١–١٩٦٩، ساڵی ١٩٧١–١٩٧٥ و ئەوجا لە ساڵی ١٩٧٦ هەتا ٢٠٠٣ و پاشان لە خۆمان بپرسین ژمارەی قوربانیانی سڤیلی کورد (پاشان پێشمەرگە و زیندانیان) چەند دەبن؟

**٣. دەرووازەی یەکەم، بنەما سەرەکیەکان، ماددەی (١) "کوردستان–عیراق هەرێمێکە لە نێو دەوڵەتی عیراقی فیدراڵیدا". دروستەکەی ئەوەیە بنووسرێت "کوردستان – ئێراق لە ناو دەوڵەتی ئێراقی فیدرڵدا هەرێمێکی فیدڕاڵە". کوردستانیان ئاگادارن کە لە زۆرینەی شوێنە ڕەسمییەکانی دەوڵەتی ئێراقدا وشەی "فیدرال" نەهاتووە. هەر بۆ نموونە لە ماڵپەڕی ڕەسمی دەوڵەتی ئێراقدا تا ئێستا وشەی "فیدراڵ" نەنووسراوە. واتا هێشتا ئەو ناو و نووسراوە و دروشمانەی کە لە کودەتای ساڵی ١٩٥٨ دیومانن، وەکوو خۆیان ماون.**

**٤. دەرووازەی یەکەم، بنەما سەرەکیەکان، ماددەی (٣) یەکەم، هەروەکوو زۆربەی خاڵەکانی دیکە دەبێت بەش بەش بکرێت وا کە تێگەیشتنی هاسانتر بێت و کەمتر لێکدانەوە هەڵ بگرێت.**

**٥. دەرووازەی یەکەم، بنەما سەرەکیەکان، ماددەی (٦) "ئەم دەستوورە ددان بە ناسنامەی ئیسلامیی زۆرینەی گەلی هەرێمی کوردستان دەنێت" زیادەیە، بەتایبەتی چونکە وا پێدەچێت نادڵنیاییەک لە ئارادا هەبێت. دەستوور لەو ڕێگایەوە کە ڕێگا لە هیچ ئایین و ئایینزایەک ناگرێت ڕێز لەو بیروباوەڕانە دەگرێت. ئەو ڕێزگرتنە دەبێت هەموو جۆرە بیروباوەڕێکی ئایینی و نائایینی بگرێتەوە.**
**ڕستەی "بنەماکانی شەریعەتی ئیسلام سەرچاوە یەکی سەرەکیی یاسادانن" نادروست و بەشێوەیەک تێکەڵ کردنی ئایین و دەسەڵاتە. ئەم ڕستەیە لەگەڵ دونیای ئێستای مۆدێرندا کە ئازادیی تاکەکەس و جۆرەکانی بیروباوەڕ بەرقەرارە نایەتەوە و تەنانەت دژایەتی پریسنسیپیی لەگەڵ بنەماکانی دیموکراسیی و سەروەریی مرۆڤدا هەیە. من پێشنیار دەکەم کە شەریعەتی ئیسلام هیچ جۆرە سەرچاوەیەکی هیچ جۆرە یاسایەک نەبێت. ئیتر کاتی ئەوە هاتووە کە کەس نوێنەرایەتی خودا/خوداکان نەکات و بە ناوی ئەوانەوە قسە نەکات و خۆی نەکات بە وەکیلیان. پرینسیپی "هەرکەس لە گۆڕی خۆی" کۆتایی بەو باسە دەهێنێت.**
**بەو شێوەیە خاڵی "یەکەم" لەم ماددەیە پێویست نییە.**
**خاڵی دووەم [نابێ] "یاسایەک دابنرێت ناکۆک بێت لەگەڵ حوکمە نەگۆڕەکانی دیموکراسی". من پێشنیار دەکەم بنووسرێت هەروەها لەگەڵ "مافەکانی مرۆڤ و سەروەریی مرۆڤ".**
**نامەوێت لە باسی دەستوور لابدەم بەڵام بە گرینگی دەزانم ئاماژە بەوە بکەم کە هیچ کەسێک ناتوانێت موسڵمانبوونی کورد بخاتە ژێر پرسیارەوە. ڕۆڵی سەلاحەدینی**

ئەیوبی لە مێژووی ئیسلامدا بە باشیی ناسراوە. ئیسلام لە کوردستان، بە پێچەوانەی دەوڵەتانی دەراوسێوە، هەمیشە بێلایەن و دوور لە دەوڵەت بووە و لەوەدا خاوێنیی مەبەستی خۆی کە پێوەندی تاکەکەس و خودایە هێشتووەتەوە. ئەو سەرهەڵدانە سیاسییە ڕێکخراوەییە ئیسلامیەی ئەمڕۆ لە کوردستان دەیبینین لە ژێر کاریگەریی و لە زۆر حاڵەتیشدا بە یارمەتی دوو دەستەڵاتی تورکیا (عوسمانی) و ئێران (سەفەوی) پەیدا بووە. پەیدابوونی بزووتنەوەی شیعە و وەدەستهێنانی دەستەڵاتی سیاسیی لە ئێراقدا ئەمەی بە قازانجی بزووتنەوەی ئیسلامیی لە کوردستان خستووەتەوە. پێویست ناکات دەستەڵاتدارانی سیاسیی کورد لە ئامادەکردنی نووسینێکدا بکەونە ژێر کاریگەریی دەوڵەتانی دەراوسێیوە کە دەزانین بە هەموو جۆرە ئیسلام و ئایدیۆلۆژیەکی دیکەیانەوە دژ بە کوردن.

لە هەر شتێک گرینگتر ئەوەیەکە دەستوورێک دەبێت بە پرسی سەر زەمینەوە خۆی خەریک بکات نەک بە پرسی ئاسمانەوە. ئەو تاکەکەسانەی دەیانەوێت پێوەندیەکی ڕۆحیان لەگەڵ خودای خۆیاندا هەبێت دەتوانن بە هەر شێوەیەک پێیان خۆشە ئەو پێوەندیە لە نێوان خۆیان و خودایاندا، لە چوارچێوەی زیان نەگەیاندن بە کەسانی دیکە، ڕابگرن.

لەو پێوەندیەدا ئەوەش گرینگە بگوترێت کە جیایی دین لە دەوڵەت و دووری یاسا و دادوەریی لە دین باشترین زەمانەتی ئازادیی جۆرەکانی ئایینە. ئەڵبەت دیارە ئەوانە ناگرێتەوە کە بە ناوی دین و ئایینەوە بەرژەوەندی خۆیان مستوەگر دەکەن.

٦. دەرووازەی یەکەم، بنەما سەرەکیەکان، ماددەی (٨) چوارەم، پێویستی بە دووبارە داڕشتنەوە یان لابردنە چونکە کێشە بۆ خاڵی سێ و دوو و یەک لەو ماددەیە دروست دەکات.

٧. دەرووازەی یەکەم، بنەما سەرەکیەکان، ماددەی (٩) یەکەم، "بەشێکی دادپەروەرانە لە داهاتە فیدرالیەکان" قابیلی لێکدانەوەیە. من پێشنیارم ئەوەیە کە ڕێژەیەکی بۆ دابنرێت کە لە باری ئاساییدا نەچێتە سەروو ئەو ڕێژەیەوە، بۆ نموونە پەنجا لە سەد.

دەرووازەی یەکەم، بنەما سەرەکیەکان، ماددەی (٩) دووەم، دانانی "نێردە و کورسیەکانی خوێندن" لەو خاڵەدا نادروستە، چونکە باسە تایبەتیەکە دەبڕێت. ئێستا بەو شێوە کۆنەی جاران ئەو شێوازە نەماوە کە خوێندکار وا بنێردرێت بۆ دەرەوە بۆ خوێندن، بۆ نموونە بەعسی بوون و شیوعی بوون. ئیتر ئەو جۆرە زەمانە نەماوە و

نابێت بەو ئەقڵە بیر بکرێتەوە. ئەگەر کریتیریای تایبەتی بۆ خوێندکار هەبێت کە لە دەرەوەی وڵات بە خۆڕایی، واتە لەسەر حیسابی دەوڵەت، بخوێنێت دەبێت بە ڕوونیی، وا کە جێی هەڵاواردن و جیاکاریی تیادا نەبێتەوە، باس بکرێت.

٨. دەروازەی یەکەم، بنەما سەرەکیەکان، ماددەی (١٢) "نابێ مێلیشیای چەکدار لە دەرەوەی چوارچێوەی یاسا پێک بهێنرێن". ئەمە قسەوباسێکی زۆر هەڵدەگرێت. من پرسیار دەکەم. ئەو کەسە یان ئەو لایەنە کێیە کە ڕەنگە یاسا ڕێگای پێ بدات، یان لە ناو چوارچێوەی یاسادا، دەتوانێت خاوەنی میلیشیای خۆی بێت؟ من پێشنیار دەکەم کە بە هیچ شێوەیەک و لە ژێر هیچ هەلومەرجێکدا میلیشیای چەکدار و بێ چەک نەبێت. لە کوردستان هێزی پێشمەرگە [سوپا] و هێزی پۆلیس و ئاسایش هەن و دەبێت هەموو جۆرە پاراستنێکیان بە پێی یاسا و ڕێسا پێ بسپێردرێت و تەواو. هەموو کار و بارێکی ئەمانە دەبێت بە پێی پرۆتۆکۆڵی تۆمارکراو بە واژۆی بەرپرسیارەوە هەڵبگیرێن.

٩. دەروازەی یەکەم، بنەما سەرەکیەکان، ماددەی (١٥). ئەگەر قسە لەسەر بازاڕی ئازادە بەو شێوەیەی لە ئورووپای خۆرئاوا بەرقەرارە، ئەوا دەبێت ئاماژە بە هەموو ئەو یاسا و ڕێسابەندیانە بکرێت کە ئازادیی ئەو بازاڕە دەسەلمێنێت و دەپارێزێت و هەروەها کە جڵەویشی دەکات. "بازاڕی ئازاد" دەبێت چوارچێوە و پرینسیپ و ئەرکداریی و بەرپرسیارێتیی هەبێت. ئەم کارە پێوەندی بە سیستەمی خوێندن، تەندروستیی و چاوەدێریی، ڕێگاوبان و هاتوچوو و ئاسایشی هاووڵاتیانەوە هەیە. مرۆڤێک کە لە ئاسایش و لە هەبوونی خزمەتگوزاریی باش و سەقامگیردا نەژی ناتوانێت لە بازاڕی ئازاددا بەشدار بێت و بازاڕی ئازاد لەو جۆرە کۆمەڵگایەدا وجودی نییە. بازاڕی ئازاد سیستەمێکی سیاسییە و وەک ماتماتیک و فیزیک هاوکێشە و یاسا و ڕێسای خۆی هەیە. لە بازاڕی ئازاددا هەروەها جۆرەکانی دزی و راووڕووت و زەوتکردن و گەندەڵیی (مەگەر لەسەر ئاستی زۆر نزم) لە ئارادا نیین. ئێمە دەزانین کە لە کوردستان شێوەکانی گەندەڵی لەو پەڕی خراپیدان و هەندێک جار چوونەتە قۆناخی دزی. هەروەها خزمخزمێنە، نیپۆتیزم، دۆستایەتێنە و شێوەکانی دیکەی بەخشین و چاوپۆشیلێکلردن بە توندی لەبەرچاون. هەموو ئەمانە دەبێت بە ڕوونیی ئاماژەیان پێ بکرێت. دەنا بازاڕی ئازاد مانایەکی نییە. ئازاد نابێت بە مانای پریمیتیڤ بێت، واتە بە مانای هەرکەس بۆخۆی و ڕاکەڕاک و فڕکەفڕکی سەرەتایی بێت کە هەر کەس دەستەڵاتی هەبوو بە ئارەزووی خۆی بکات. ئەم خاڵە یەکێک لە

هەرە پایەکانی سیستەمی سەرمایەدارییە کە حکومەت و پارلەمان و خەڵک پارسەنگی سیاسیی ڕا دەگرن و ناکرێت هەروا بە هاسانیی ئاووڕی لێ بدرێتەوە.

١٠. دەروازەی دووەم، مافە بنەڕەتیەکان، بەشی یەکەم، مافە شارستانی و سیاسیەکان، ماددەی (١٩) یەکەم، وشەی "ئادەمیزاد" بگۆڕدرێت بۆ "مرۆڤ".
دووەم. ئەم خاڵە بەو مانایە دێت کە سزای کوشتن/ لەسێدارەدان/ تیربارانکردن/ خنکاندن و شێوەی دیکە بۆ لەناوبردن هەیە یاخود دەتوانێت هەبێت. ئەم خاڵە دەبێت دووبارە دابڕێژرێتەوە. من پێشنیار دەکەم کە سزای کوشتن بە شێوەکانیەوە ڕەت بکرێتەوە. ئێمە دەبێت هەوڵبدەین لانی کەم لە خۆرهەڵاتی ناوەندا نموونەی پێشکەوتن بین و کۆمەڵگایەک درست بکەین بە پلەی یەک لە بەرپرسیارییەوە پێ هەڵبگرێت نەک سزا.
هەشتەم، "هەموو کەس مافی هاوسەرگیریی و پێکهێنانی خێزانی هەیە و گرێبەستی هاوسەرگیریی بە زۆری و بە بێ ڕەزامەندی هەردوولا ئەنجام نادرێ". ئەم ڕستەیە ناڕۆشن و ناتەواوە. من پێشنیار دەکەم لانی کەم ئاوا دابڕێژرێتەوە: "هەموو کەس مافی هاوسەرگیریی و پێکهێنانی خێزانی هەیە. گرێبەستی هاوسەرگیریی بە بێ ڕەزامەندی هەردوولا نابێت ئەنجام بدرێت".
نۆیەم، بە ڕای من وشەی "ئایینزا/مەزهەب" و هەروەها شێوەکانی دیکەی ئایین [وەکوو زەردەشتیی، بەهایی، ئەحمەدیی، بودایی و هتاد] زیاد بکرێت. ناکرێت ناوی یەک دووانێک بهێنرێت و ناوی ئەوانی دیکە نەهێنرێت. یان هەر بە گشتیی وشەی "ئایینەکان و ئایینزاکان بە هەموو شێوەکانیانەوە" بەکار ببردرێت باشترە. لەبەر ئەوەی یا دەبێت ناو نەهێنین یان کە هێنرا، دەبێت هەموو ئەو ناوانە بە پێی پرینسیپی ئەلفابێت ڕیز بکرێن بۆ ئەوەی هاومافیی لە نێوانیاندا ڕابگیرێت.
خاڵی دەیەم، من پێشنیار دەکەم ئەم خاڵە دووبارە دابڕێژرێتەوە چونکە جێگای لێکدانەوەی فرە جیاوازە. پێناسەی حکومەتی هەرێم بۆ "توانج، تەشەر، دەستدرێژیی بۆ سەر مافی خەڵکی دیکە و سووکایەتی بە ئایینیەکان و هتاد" چییە؟ لە هەندێک حاڵەتدا باشترە ئەوەی بە "دز" دادەنرێت بیسەلمێنێت کە "دز" نییە. چونکە کەسانێک لە دەستەڵاتدا هەن کە بە ملوێنەها دۆلاریان دزیوە و کەسیش نییە بتوانێت، بێ لە ئاماژەی گشتیی، بیسەلمێنێت کە ئەو کەسە دزی کردووە. لەبەرئەوە لە زۆر یاسادا لایەنی تاوانبارکراو دەبێت پێچەوانە بسەلمێنێت. مەسەلەی "توانج و تەشەر و هتاد" پێوەندیی بە دۆخ و کولتورەوە هەیە. ئەوانە بە کولتور–سیاسیی بارگەدارن و ماناکانیان لە کەسێک و چینێک و شوێنێکەوە بۆ هی دیکە دەگۆڕدرێن. ئەگەر بۆ

نموونە دەستەڵاتدارێک تا سەر ئێسکی گەندەڵیی بێت، من پرسیار دەکەم بۆ ناکرێت کاریکاتێری پارە و دۆلاری لەسەر بڵاو بێتەوە؟ وشەی "سووکایەتی بە پیرۆزیە ئاینیەکان" هەروەها لەو جۆرە وشانەن کە لێکدانەوەی جودا هەڵدەگرن و هەڕەشە لە ساختار و لە ناوەڕۆکی دیموکراسیی دەکەن. هیچ کەس و پێشنوێژ و مەلا و خەتیب و سیاسەتمەدار و دەستوورێک نابێت خۆ بکەن بە وەکیل و نوێنەری خودا و پێغەمبەرەکان. تا ئێستا "ڤاتیکان"یش خۆی نەخستووەتە دۆخی واوە.

دەبێت ئەوەیش بڵێم کە لە کۆمەڵگای تەندروست و دیموکراسییدا عادەتەن خەڵک خۆ لە جوێن و شێوەکانی دەربڕینی ناشیرین دەپارێزن. ئەگەر کەسێکیش لێرەولەوێ ئەو یاسا نەنووسراوەیەی بەزاند ئەوە دەگمەنە (ئیستیسنایە) کە پێویست ناکات گشت و کۆمەڵی لەسەر بسووتێنین.

لە هەندێک حاڵەتی بۆگەنبوونی دەستەڵاتدا تەنها چەکێک کە بۆ هەژاران و بێدەستەڵاتان دەمێنێتەوە جوێندانە. ناکرێت ئەو چەکەیشیان لێ دابماڵرێت. باشتر وایە دەستەڵات خۆی وا چاک بکات کە مرۆڤ ڕێگا بە خۆی نەدات پەنا بباتە بەر شێوەی نادروست بۆ خۆدەربڕین.

راستە دەبێت دژایەتی "سووکایەتی" پێکردن بکەین، بەڵام پێویستمان بە پێناسەیەکە بۆ "سووکایەتی"، بۆ ئەوەی بزانین چۆن وەڵام بدەینەوە.

یازدەم، ئەم خاڵە پێویستی بە ڕوونکردنەوەی زیاترە. لە کۆمەڵگای ئاوەڵەدا، تا ئەو کاتەی زیان بە بەرژەوەندیی ناسکی تاکەکەس و نەتەوەیی نەگات کە پێوەندیی بە باسەوە نەبێت،گرینگ نییە زانیاریی چۆن دەست دەکەوێت. یەکێک لە لاینە گرینگەکانی ئازادیی و دیموکراسیی و ڕوونیی [شەفافیەت] دەبێت توانستی دەستکەوتن و پەیداکردنی زانیاریی بێت بۆ هەموو تاکێکی کۆمەڵ. تا ئەو کاتەی زیان بە تاکەکەس و بە ویژدان و کەرامەت و ئازادیی لایەنی دیکە یا کۆمەڵ نەگات، دەستەڵات هەقی چییە من چۆن زانیاریی پەیدا دەکەم؟

دووانزەم، من پێشنیار دەکەم کە هەموو جۆرە چاودێریی و گوێلێگرتنێک بە پێی یاسا و لە ڕێگای دەنگدانی پارلەمان ئەنجام بدرێت. ئەویش بە دیاریکردنی کات و شوێن و میچی ئەو یاسایەوە. هیچ کەس و دەستەڵاتێک بۆی نەبێت ئەو کارە بکات.

هەژدەم، خاڵی ٤. من پێشنیار دەکەم کە دووبارە دابڕێژرێتەوە. "پیادا هەڵدان" و "پاساو بۆهێنانەوە" دەتوانن بەشێک بن لە دیالۆگی سیاسیی. بۆ نموونە مرۆڤ هەن کە بە هۆی ناتوانایی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی بە بیرێک یان ئایدیۆلۆژیەکی فاشیست یان تۆتالیتاردا "هەڵ بدەن" یان "پاساوی بۆبهێننەوە"، و پێویستیان بە ڕوونکردنەوە و تێگەیشتنی باشتر بێت. ناکرێت ئەمە بە کاری تێکدەرانە و مەترسیی سەر هەرێم

دابنرێت. لێرەدا زێدەڕۆییەک هەیە کە لە ڕووی سیاسییەوە نابەجێیە. تۆلەرانسی سیاسیی دەبێت ڕووخسارێکی کۆنکرێتی هەبێت. جوانیی و گرینگیی دیموکراسیی لەوێدایە کە جێگای "قسەی قۆڕ" و بێ مانایشی تێدا بێتەوە.

خاڵی پێنج. "حزب دەبێ داهات و سەرچاوەکەی و چۆنیەتی بەکارهێنانی بۆ دەسەڵاتی یاسایی تایبەتمەند ئاشکرا بکات". ئەم ڕستەیە جێگای بێنەوبەرەی زۆرە. من پێشنیار دەکەم وشەی "هەموو حیزب و ڕێکخراوەیەک" بەکار ببردرێت. بۆ نموونە ئاوا دابڕێژرێتەوە: "هەموو حیزب و ڕێکخراوەیەک دەبێت بتوانێت داهات و سەرچاوەی داهاتی خۆی بۆ دەستەڵاتی یاسایی تایبەتمەند ئاشکرا بکات". بە ڕای من "چۆنیەتی بەکارهێنانی" ئەسڵەن پێوەندی بە باسەوە نییە. لە حاڵەتێکدا کە لایەنێک بێت و بڕە پارەیەک بۆ شتێک تەرخان بکات کە جێگای لێپووانین و لێپرسینەوە بێت، ئەو کاتە دەتوانرێت تەنها ئەو ڕووداوە بکرێت بە کەیسێکی تایبەتیی.

نۆزدەم، "دەرکردنی بەکۆمەڵ قەدەخەیە". ڕستەیەکی ناڕوونە. مەبەست لە دەرکردنی بە کۆمەڵ چییە؟ ئایا مەبەست لە ڕاگوێزانە لە ناو هەرێمدا، یان مەبەست لە کۆچباری زۆرەملێی و دەرکردنە بۆ ئەو دیو سنووری هەرێم؟ ئەگەر ئەم قسانە لە ژێر سێبەری ڕاگوێزانەکانی بەعسدا نووسراون ئەوا جێی خۆی نییە ئێمە لە دەستووری خۆماندا شتی وا سووک بنووسین. ناکرێت دەستووری کوردستان لە ژێر ڕۆشنایی کردەوەی دەستەڵاتێکی داگیرکار و فاشیستدا بنووسرێتەوە. خۆئەگەر لە دۆخی ئێستادا بەهەرحاڵ هەر بە گرینگ دەزانرێت ئەوا دەبێت باشتر و ڕوونتر بینووسین. بەڵام گەر مەبەست لە دەرکردن، دەرکردنی کرێکار و کارگەرە لە سەر کار لە لایەن خاوەن کارەوە، ئەوە جێگەی ئێرە نییە و دەبێت لە یاسای کاردا بە وردیی ئاماژەی پێ بکردرێت.

١١. ماددەی (٢٠) یەکسانی [یەکسانیی]

یەکەم: "هەموو کەس بەرامبەر بە یاسا یەکسانە" ڕستەیەکی نادروستە. ڕستەیەکی ئاوا دروستترە: هەمووان دەبێت لەبەردەم یاسادا یەکسان، هاوماف و هاوئەرک بن.

١٢. ماددەی (٢١) مافی هاونیشتیمانی [یی]

من پێموایە وشەی نیشتیمان بۆ هاوواتای "وڵات" وشەیەکی کوردیی جوانە. بەڵام مرۆڤ لە دڵی خۆیدا وڵاتێک بە نیشتیمانی خۆی بزانێت یان نەیزانێت هەر بە پێی یاسا دەتوانێت "هاووڵاتیی" ئەو نیشتیمانە بێت. لەبەرئەوە من وشەی "هاووڵاتیی" بە

پەسەندتر دەزانم. هەر دەستەی ئامادەکاری دەستوورەکە پاشان خۆیشیان وشەی "هاولاتی" یان لە شوێنی دیکە بەکارهێناوە، ئەڵبەت بە یەک "واو" نەک دوو.
یەکەم، [:] "هەر هاوولاتییەک (۱۸) ساڵ لە تەمەنی تەواو کردبێت..."، ڕستەیەکە جێی باس و تێبینیە، چونکە دەتوانێت بەو مانایە بێت کە لاو ببێت بە ۱۹ ساڵ. من پێموایە ئەمە دروستەکەیەتی: هەر هاوولاتییەکی هەرێمی کوردستان کە تەمەنی هەژدە (۱۸) ساڵ بێت، واتە پێی نابێتە تەمەنی ۱۸ ساڵیی لەو مانایەدا کە تەمەنی ۱۷ ساڵیی بەجێبهێڵێت، مافی دەنگدان و هەڵبژاردنی هەیە.
لە ئوتریش (نەمسا) تەمەنی دەنگدان ۱٦ ساڵە و لە زۆر وڵاتی دونیا گفتوگۆ لەسەر کەمکردنەویە تەمەنی دەنگدانە. کەواتە ئەم باسە لە کوردستانیش دەبێت بە پێی تێگەیشتنی ئێمە بێت بۆ سیاسەت و ئابووریی و فەرهەنگ و کولتور.
لە دەستووردا باسی خۆکاندیدکردن نەکراوە. سەبارەت بە خۆکاندیدکردن ڕەنگە مەبەست ئەوە بێت کە هەمان تەمەنی هەڵبژاردن برەودار بێت. بەڵام ئەمە باسێکە دەبێت قسەی لەسەر بکەین. ئایا لاوانی کوردستان لە تەمەنی ۱۸ ساڵییدا توانای بەرپرسیاریی خۆکاندیدکردنیان بۆ پۆستی باڵا هەیە؟ بۆ نموونە ڕەنگە تەمەنی ۲۱ یان ۲۳ تەمەنێکی گونجاو بێت. ئەمەش دیارە پێوەندیی بە گەلێک فاکتەرەوە هەیە، بۆ نموونە توانای سیاسیی و بەرپرسیاریی لاو و نەوجەوانی کورد بۆ پرسیاری گشتیی و تایبەتیی، کە پێوەندی بە خوێندن و فاکتەری دیکەی پێشکەوتنەوە هەیە. من ئەوە دێنمەوە بیری هەموومان کە دیموکراسیی لە کرۆکی خۆیدا بە مانای هاونرخ بوونی ژیانی هەمووان دێت. لە سیستەمی دیموکراسییدا دەبێت هەمووان بۆیان هەبێت لەگەڵدا بن و بەشدار بن. ئا لەوێدایە کە ئاستی بەرپرسیاریی پێوەست بە تەمەن دێتە پێش و دەبێت لە گفتوگۆکردن لەسەری نەترسین.
پاشان ئەوەیش گرینگە کە ئایا ڕێگا بە لاوێک بدەین کە بۆ نموونە لە ساڵی هەڵبژاردندا پێ دەنێتە ۱۸ ساڵ، بەڵام مەرج نییە پێش ڕۆژی هەڵبژاردن پێ بنێتە ۱۸ ساڵ؟ لە حاڵەتی قبوڵ نەکردنیدا ئەو لاوە دەبێت چوار ساڵی دیکە ڕابووەستێت، واتە دەبێت بە ۲۲ ساڵ تا هەلی هەڵبژاردنی دەکەوێتەوە دەست. لە ئاماری (ستاتستیک) باشدا بۆمان دەردەکەوێت کە لە ساڵی هەڵبژارندا چەند لاوی لەو تەمەنەمان هەیە کە دەنگدانیان لە کیس دەچێت. بە گشتیش دەبێت بزانین کە لاوی ئێمە لەو تەمەنەدا بەشدار بن یان نا.
من دەزانم کە ئەم پرسیارە بۆ ئەم هەڵبژاردنە هاسان نییە. کوردستان وڵاتێکی داگیرکراو بووە. بەڵام ئێمە وا نێزیکەی ئەزموونی ۱۷ ساڵ لە خۆبەڕێوەبردنمان هەیە و ئیتر کاتی ئەوە هاتووە جیددیتر لەگەڵ سیاسەتدا مامەڵە بکەین.

ئەوی هەروەها گرینگە و لە دەستووردا نەهاتووە ئەوەیە کە ئاماژە بە هەبوونی دامێکی تایبەتی بۆ "هەڵبژاردن" واتە "دامی هەڵبژاردن" نەکراوە. لە سیستەمی دیموکراسییدا هەبوونی دامی وا سەربەخۆ کە مەسەلەی فاکت و ڕوونکردنەوە و یاسا و ئامار و شتی گرینگی دیکە بگرێتە خۆ سەرەکییە و دەبێت هەبێت. هاووڵاتیی سیستەمی دیموکراسیی دەبێت هاسان و خێرا دەستیان بە زانیاریی خاوێن ڕابگات.

دووەم: بەشی یەک لەو بڕگەیە "١٨ ساڵی تەواو کردبێت" ڕستەیەکی ناڕوونە. بە هەمان شێوەی خاڵی یەک وەڵام دەدەمەوە. بەشی دوو لەو بڕگەیە "بۆی هەیە پۆستە گشتییەکان وەربگرێت" مانای چی؟ ئەدی پۆستە تایبەتیەکان کامانەن؟
سێیەم: "هاتوچۆ" وشەیەکی هەڵەیە. ئەو وشەیە لە ڕاستییدا "هاتوچوو"ـە کە لە وشەی هات لەگەڵ چوو پێک دێت و وشەیەکی لێکدراوە، "هاتنوچوون" وشەیەکی دیکەی لێکدراوە کە بەهەمان مانا دێت.
چوارەم: "سکاڵا" هەڵەیە. "سکاڵانامە/ یاداشتنامە" دروستە. "عەرزوحاڵ = عرض الحال". ڕستەی "ئەوانیش بۆیان نیە وەری نەگرن" دروستە، بەڵام ڕستەیەکی نەرێنیە. دروستترە بگوترێت "ئەوانیش دەبێت وەری بگرن".
ماددەی (٢٢) مافی [دادگاییکردنی] دادپەروەرانە
سێیەم: وشەی "تۆمەتبار" هەڵەیە. لە کوردیدا "بار" گەلێک مانای هەیە، یەکێک لەوانە ئەو شتەیە کە هەڵدەگیرێت. "تۆمەتکراو/ گومانلێکراو" دروستە. چونکە تا نەسەلمێندرێت "تۆمەتبار" نییە. بۆ پرسی دادوەریی هەموو ئەو وشانەی وەکوو تاوان، تاوانکراو، گومانلێکراو، تاوانبار دەبێت بە دروستیی بڕیاریان لەسەر بدرێت.

## بەشی دووەم

## مافە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان

**١٣. ماددەی (٢٤)**
چوارەم: "کەس ناچار ناکرێت کارێک، یان فەرمانێک بە بێ خواهیشتی خۆی ئەنجام بدات" ڕستەکە دەتوانێت نادروست بێت و هاوکات نەرێنییە. دروستترە بنووسرێت "نابێت کەس ناچار بکرێت کارێک یان فەرمانێک بێ خواهیشتی خۆی ئەنجام بدات".
وشەی "خواهیشت" فارسییە و بە مانای "تکا، داوالێکردن، دەستدامێنگرتن لە بازنەی پاڕانەوەدا، دێت. لەوێدا هەر بەو مانایە ناگونجێت. وشەی هاوبەش کە نەکوردیین و نە فارسیین لە نێوان زمانی کوردیی و فارسییدا زۆرە، بەڵام "خواهیشت" وشەیەکی

هاوبەش نییە و هاوواتای خۆی لە کوردییدا هەیە. کەواتە دەبێت بنووسرێت "بە بێ خواستی/ویستی/حەزی خۆی".
پێنجەم: ڕستەیەکی نارِوونە.

١٤. ماددەی (٢٧)
یەکەم: "خوێندن تا تەواوکردنی قۆناغی بنەڕەتی تەوزیمیە"، نارِۆشنە. دروستترە بگوترێت "تا تەواوکردنی پۆلی نۆ (٩)، یان تا بەشی ناوەندیی".
سێیەم: "خێزان کرۆکی بنەڕەتی کۆمەڵگایە"، بۆچوونێکی ئایدیۆلۆژیی کۆنە و زۆرینەی لیبرالانەی دەکەونە لای جۆرێک لە چەپ و لە ئازادیخواز و نوێخواز ئێستا وازیان لەو جۆرە قسانە هێناوە. ئەم قسەیە (بنەماڵە = ژن و پیاو و منداڵ) لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە بێنەوبەرەیەکی زۆر هەڵدەگرێت. بە ڕای من دەوڵەت و حکومەت نابێت دەست بخەنە ئەو باسەوە. ئەو ڕستەیە ئەسڵەن پێویست ناکات. خانەوادە دەتوانێت شێوەی دیکەی هەبێت. هەر بۆ نموونە مەرج نییە خیزان لە نۆرمی هێتروسێکسوالیتەوە سەرچاوە بگرێت. بەشی بەردەوامی ڕستەکە دروستە و جێی خۆیەتی، بەڵام دەبێت ئاوا بگۆڕدرێت: "دایکان و منداڵان دەبێت بپارێزرێن و چەوساندنەوەی ئابووریی منداڵان قەدەخە بکرێت". بە ڕای من هەر لەوێدا وشەی چەوساندنەوەی "سێکس، هەڵخەڵەتاندن و فریودان" یشی بخرێتە سەر.
چوارەم: ئەو ڕستەیە چەندیش مەبەستی باش بێت دەتوانێت زیانی جیددی بە ژنان بگەیەنێت. بە ڕای من ئەو ژنانە پێویستیان بە "خانەی تایبەتی" نییە، بەڵکو پێویستیان بە "دەرماڵە/مووچەی تایبەتی/ کار" هەیە وا کە ژیانیان مسۆگەر بکەن. هەر کاتێک پارەیان لە شێوەی مووچەدا پێ درا ئەوان خۆیان بڕیار دەدەن چۆن بژین و لە کوێ بژین. خۆ لێرەدا پرس لەسەر "ژنانی پەککەوتە" نییە.
دیارە لە هەر کۆمەڵگەیەکی ئیمرۆژیدا پێویستە شوێنێک بۆ کەسانی بێ سەرپەنا هەبێت. بۆ نموونە ژنێک کە لێی دەقەومێت و نایەوێت لە گەڵ مێرد، بنەماڵە و ... بژی، دەبێت جێگەیەکی هەبێت کە بە شێوەی کاتیی تێیدا بێت، تا لە دەستدرێژی و تاوان کە هەردەم هەڕەشەی لێدەکات بپارێزدرێت. بەڵام بێگومان ئەو شوینانە دەبێت تەنیا بە شێوەی کاتی و تا دامەرزانی کەسی لێقەوماو هەبێت. پاشان ئەرکی دەسەڵاتە هەلومەرجی ئاسایی بە زووترین کات (لەوانە شوێنی نیشتەجێ بوون) بۆ ئەو کەسە دابین بکات)

١٥. ماددەی (٢٨)

**مافی بەکاربەران (المستهلک)**

**ڕستەی ئەم ماددەیە ناتەواوە. دەوڵەت دەبێت دامەزراوەیەکی هەبێت، بۆ نموونە "دامی کڕیار/ دامی بەکاربەران" و لەو دامەدا تەواوی مافی کڕیار/ بەکاربەر بە یاسا دابکوترێت. کڕیار بەهێزترین بەردەبازی سیستەمی بازاڕی ئازادە. بێ کڕیاری دڵنیا بازاڕی ئازاد وجودی نییە.**

## بەشی سێیەم

**مافە نەتەوەیی و ئایینیەکانی پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی هەرێمی کوردستان – [ئێراق]**

**بە ڕای من باسکردنی ئەوەی کە بۆ نموونە نابێت مزگەوت بە پارەی وڵاتانی دیکە لە کوردستان بکرێتەوە گرینگە. ئەگەر شتی وا ڕوویدا ئەو پارەیە یەکسەر بچێتە سەر بودجەی وەزارەتی ئەوقاف و پاشان ئەو وەزارەتە بڕیار بدات کە چی لێ بکات. وەزارەتی ئەوقاف ئەگەر کوردستانیی بێت و بیر لە دانیشتووانی کوردستان بکاتەوە دەتوانێت بۆ نموونە بەو پارەیە کڵێسایەک یان سیناگۆگێک دروست بکات ئەگەر بزانێت کە مەسیحی و جووەکانی کوردستان بە ڕاستیی شتێکی وایان پێویستە و ئەوە لە قازانجی گشتییدا دەبێت. لە کوردستان دەبێت سنوور و میچی کار و بیرکردنەوەی ئەو جۆرە وەزارەتانە بگۆڕدرێن. ڕەنگە وەزارەتی ناوبراو بیەوێت نەخۆشخانە یان بنکەیەکی چاوەدێریی لە گوندێک بکاتەوە. ئەگەر باسەکە لەسەر شتێکە کە ناوی "خێرە" ئەوا خێر جۆری زۆرە. بۆ نموونە لەو جۆرە یاسایانەدا کە خوێندنی ئایینی دەگرێتەوە ئەوە گرینگە کە مەلا و خەتیبەکان هەر بە تەنها ئەوە نەبێت کە لە خودی قورئان و حەدیس یان ئایینەکەی خۆیان بزانن و هەموو شتێک لەبەر بکەن. ئەوەیش گرینگە کە ئەوانە هەروەها سەبارەت بە مێژوو و پرینسیپ و بنەمای ئایینە ئاسمانی و نائاسمانیەکانی دیکە بخوێنن و بزانن.**

**١٦. ماددەی (٣٠)**

**یەکەم: "نابێ حوکمەکانی باری کەسێتیی پەیڕەوانی ئاینێک لەسەر پەیڕەوانی ئاینێکی دیکەدا بسەپێندرێن"، دروستە بەڵام ناتەواوە و وشەی "ئایینزا/مەزهەب" یش دەبێت زیاد بکرێت. لە ئێران ئایین ئیسلامە، بەڵام مەزهەبی شیعە بە ڕەسمیی بە پێی دەستوور باڵادەستە. لە ئێراق زۆرینەی دانیشتووان شیعەمەزهەبن و بەو شێوەیە مەزهەبی شیعە باڵادەستە. لە زۆر وڵاتی دەراوسێ سوننەسالارییە و شیعەمەزهەب چەوساوەن.**

## بەشی چوارەم

## ڕێککەوتن و پەیماننامە و یاسایە نێودەوڵەتیەکان

١٧. ماددەی (٣٧) دروستە، بەڵام دەتوانێت لە دژایەتی لەگەڵ شەریعەتی ئیسلامییدا بێت. ئەی ئەو کاتە چۆن دەکرێت؟ لەبەرئەوە هەر وەک لە سەرەتادا ئاماژەم پێ کردووە دەبێت ئێمە لە کوردستان بتوانین هەنگاوی جیددی سیاسیی بۆ جوداکردنەوەی ئایین و دەوڵەت، ئایین و یاسا بدەین و ئەو باسە یەکلا بکەینەوە.

**دەرووازەی سێیەم**

دەستەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان – [ئێراق]

**بەشی یەکەم**

پارلەمانی کوردستان – [ئێراق]

١٨. ماددەی (٤٠)

"پەرلەمانی کوردستان – عیراق دەستەڵاتی یاسادانان و سەرچاوەی بڕیاردانە لەسەر پرسە چارەنووس سازەکانی گەلی هەرێمی کوردستان و ئەندامەکانی لە دەنگدانێکی گشتیی ئازاد و ڕاستەوخۆی نهێنیدا هەڵدەبژێردرێن".

من دوو تێبینیم هەیە: یەکەم "لەسەر پرسە چارەنووس سازەکانی" پێویست ناکات. ئەوە بەسە بنووسریت "لەسەر پرسەکان"، چونکە هەندێک پرس بۆ هەندێک لایەن هەمیشە دەتوانن زۆرتر یان کەمتر چارەنووسساز بن. دووەم: برگەی ڕستەی یەک و دوو بە خاڵێک لە یەک جودا بکرێنەوە.

١٩. ماددەی (٤١)

دووەم: ڕستەیەکی ناڕوونە. ئایا لانی کەم لە ٣٠% کورسیەکانی پارلەمان بۆ ژنان تەرخان دەکرێن یان نا؟

٢٠. ماددەی (٤٨)

"... ئەگەر دەنگەکانیش وەک یەک بوون سەرۆکی پەرلەمان دەنگی یەکلاکەرەوەی هەیە". ئەڵتەرناتیڤێکی باش دەتوانێت ئەوە بێت کە یەک هەفتە پاشتر دەنگ بۆ هەمان پرس بدرێتەوە. لەو هەفتەیەدا گەلێک بۆچوون دەتوانێت بگۆڕدرێت. تەنها پاش ئەوە سەرۆکی پارلەمان دەنگی یەکلاکەرەوەی هەبێت.

**٢١. ماددەی (٤٩)**
"دە (١٠) ئەندامی پەرلەمان دەتوانن پێشنیازیی یاسایەک یان بڕیارێک پێشکەش بە پەرلەمان بکەن". ئەم ڕستەیە هەم ناڕۆشنە و هەم تووندە. بە ڕای من جێی خۆیەتی تەنانەت یەک ئەندامی پارلەمان بۆی هەبێت "پێشنیاری یاسایەک یان بڕیارێک پێشکەش بە پەرلەمان بکات". جاری وا هەیە یەک ئەندامی سەربەخۆ دەتوانێت پێشنیاری زۆر گرینگ و بە بایەخی هەبێت و پێویست ناکات کات و وزە بۆ کۆکردنەوەی دەنگ سەرف بکات.

**٢٢. ماددەی (٥٠)**
دووەم: ژمارەی دە (١٠) کەس زۆرە. جێی خۆیەتی ئەو ژمارەیە کەمتر بکرێتەوە. تەنانەت لە حاڵەتی یەک ئەندامیشدا نادروست نییە. ئەندامی پارلەمان دەبێت هێندە هەستی بەرپرسیارێتیی و سیاسیی بڵند بێت کە هەر لە خۆوە، بێ بەڵگە و هۆی باش، داوای لێپرسینەوە نەکات. ئێمە دەبێت چاوەڕووانیەکی بڵندی سیاسیی و ڕەووشتیمان لە پارلەمێنتاران هەبێت.

**٢٣. ماددەی (٥١)**
ڕستەی ناڕۆشن و ناپێویستە. ئەگەر قسە لەسەر مووچە و ئیمتیازە دەبێت ڕوون بنووسرێت. هەموو جۆرە کارێک لە کۆمەڵگادا گرینگە و دەبێت بە ڕوونیی لەسەریان بدوێین.

**٢٤. ماددەی (٥٣)**
چوارەم: من پێشنیار دەکەم وشەی "خیانەتی گەورە" لەگەڵ "سامناک" لەو بڕگەیەدا هەڵبگیرێت.
پێنجەم: کاتێک دەڵێین "بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمان" مەبەست لە ئەندامانە بە گشتیی یان ئەندامانی ئامادەبوو لەو کاتەدا؟ ئایا ئەگەر لایەنێک بە ئەنقەست داوای لە ئەندامانی خۆی کرد لە کۆبوونەوەیەکی وادا بەشدار نەبن لەبەرئەوەی لە قازانجیدا نابێت، چۆن دەبێت؟ ئایا پێویست بە بڕگەیەکی تایبەت بۆ ئامادەبوون لە کۆبوونەوەدا پێویست نییە؟ ئایا ئەندامێکی پارلەمان بۆی هەیە لە هەموو پرسێکدا دەنگی "بۆش" بدات یان لە هەر خولێکدا چەند جارێک بۆی هەیە وا

بکات؟ ئەمانە پرسیارگەلێکن کە لە کۆمەڵگای حیزبپەروەری وەکوو ئێستای کوردستاندا گرینگە.
حەوتەم: بڕگەیەکی ناتەواوە. بە ڕای من ڕاگەیاندنی ڕێژەپارەی ناو خەزێنەی هەرێم (نەک حکومەت) دەبێت یەکێک بێت لە ئەرکە سەرەکیەکان. چونکە ئێمە دەبێت وەکوو هەرێم خەزێنەی خۆمان هەبێت و پاشان بەشێکی ئەو خەزێنەیە بۆ کاروباری چوارساڵەی حکومەتی هەرێم تەرخان بکرێت. من تێدەگەم کە ئەم دەستوورە بۆ ئەم جۆرە کەموکورتیەی تێدایە. لە وڵاتانی دیکتاتۆر و تۆتالیتاردا هەمیشە دەوڵەت و حکومەت یەک شتن. پارەی دەوڵەت هەمووی هی حکومەتە. ئەوجا پاش حکومەت هەندێک لە ئەندامەکانی ئەو حکومەتە لەو خودایەش باڵاترن کە سوێندی پێ دەخۆن. لە وڵاتی دیموکراسیی پلورالیستدا ساختاری (ستروکتوری) سیاسیی جودایە. لەوێدا دەوڵەت شتێکە و حکومەت شتێکی دیکەیە. خەزێنەی نەتەوەیی هی دەوڵەتە و چرکە بە چرکە دەبێت بە پێی فرۆشیاریی نەتەوەیی پارەی بێتە سەر. ئەوجا بەشێکی ئەو پارەیە بۆ کاروباری چوارساڵەی حکومەت تەرخان دەکرێت کە دەبێت هەموو کەرتێکی وڵات بگرێتەوە. ئەو بودجەیەش دەبێت بە پێی خولی ساڵ، بۆ نموونە دوو جار لە ساڵدا، بدرێت. ئەمە باسێکە ئەگەر پێویست بکات من دەتوانم تیایدا بەشدار بم. بۆ نموونە دەوڵەتێک دەتوانێت خەزێنەیەکی هەبێت کە سەد بەرابەر پارەی لە بودجەی چوارساڵەی حکومەتەکەی تیادا پاشەکەوت بێت. دەوڵەتیش هەیە کە خەزێنەکەی هێندە نزمە دەبێت پارە بۆ بودجەی چوار ساڵە وام بکات.
یازدەم: ئەم بڕگەیە جێی بێنەوبەرەی زۆرە. بۆ نموونە پێڕەوی ناوخۆی پارلەمان جێی خۆیەتی لەلایەن کۆی پارتەکانەوە ئەنجام بدرێت. ئەو کاتە بێلایەنی ئەو پێڕەوە بەهێزتر دەبێت، چونکە هەمووان دەگرێتەوە و پێشوەختیش نازانرێت کێ زیاترین دەنگ لە پارلەماندا دەهێنێت. دەنا پێڕەوێکی ناوخۆ دەبێت لانی کەم چوارساڵ جارێک بنووسرێتەوە و لەگەڵ هەلومەرجی ڕۆژ و گۆڕانکاریەکان دەق بدرێت. پێڕەوێکی داکوتراو هاسانتر دەتوانرێت نوێ بکرێتەوە و بگۆڕدرێت.
سەبارەت بە بەشی بەردەوامیی بڕگەکە "... و دیاریکردنی میلاکی فەرمانبەرەکانی و خەملاندنی بوودجەکەی و دامەزراندنی فەرمانبەرەکانی و دیارکردنی مووچەکانیان" شتێکن کە نابێت لە ئەستۆ و لە توانای ئەندامانی پارلەمان خۆیاندا بێت، بەڵکو دەبێت دامێکی تایبەتی بۆ ئەو مەبەستە هەبێت. ئەمە سەبارەت بە کابینەی وەزیرانیش دەبێت وا بێت. لە وڵاتانی دروستی دیموکراسییدا، بۆ نموونە وڵاتانی خۆرئاوای کلاسیک، بەو شێوەیەیە و مووچەی ئەندامانی پارلەمان بە پێی کاری ٣٦٥ ڕۆژە لە ساڵێکدا. واتە ئەندامانی پارلەمان دەبێت هەموو ڕۆژێکی ساڵی پڕ لە کاردا

بن یان ئامادەی کاری پێسپێردراو بن. کاری سیاسیی جیددی وەکوو بنکەی فریاگەریی تەندروستیی وایە دەبێت هەمیشە دەست لە کاردا بێت.

**٢٥. ماددەی (٥٦)**

دووەم: پەرلەمان لەم حاڵەتانەی خوارەوەدا بە مەرسوومێکی سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەڵدەوەشێتەوە.
"ئەگەر متمانەی نەدا بە سێ کابینەی پێشنیازکراوی وەزاریی جیاوازی یەک لە دوای یەکدا". ئەمە دەستەڵاتێکی گەورەیە لە دەست سەرۆکی هەرێمدا. باشتر وایە سەرۆکی هەرێم داوای ڕوونکردنەوە بکات و لەسەر ئەڵتەرناتیڤی جیاواز قسە بکردرێت. ئەگەر بە ڕاستیی پارلەمانێک هێندە سەربەخۆ و لە ڕووی سیاسییەوە نەترس بێت عادەتەن شتی واش کەم ڕوو دەدات، چونکە ئەو دەم بە پێی دۆخەکە میکانیزمی وا دەبێت کە سێ جار کابینەی وەزاریی ڕەت نەکاتەوە.

**٢٦. ماددی (٥٨)**

وشەی "هەلومەرجی دژوار" بۆ نەتوانینی هەڵبژاردنەوەی پارلەمان نادروستە و لە ڕووی سیاسییەوە نابێت قابیلی قبوڵ بێت. ئێمە دەبێت بە ڕوونی بڵێین مەبەستمان لە "هەلومەرجی دژوار" چییە، بۆ نموونە دەتوانرێت بنووسرێت لە کاتی شەڕدا وا کە ژیانی ئەندامانی پارلەمان بکەوێتە مەترسییەوە و یان کە پاش تاقیکردنەوەی میکانیزمی جیاواز نەتوانن بە هیچ جۆرێک کۆببنەوە.
ئێمە دەزانین ئێستا دونیای تەکنیک وا پێشکەوتووە کە ئەندامانی پارلەمان لە کاتی شەڕیشدا بە هۆی تەکنیکی تازەوە لە هەر شوێنکیش بن دەتوانن کۆببنەوە. خۆ کۆبوونەوە بە مانای کۆبوونەوەی ئامادەبوونیی نایەت. کۆبوونەوە بە مانای توانای ئاڵوگۆڕی ڕایە و پێویست ناکات چاوبەچاو بێت. کەواتە هۆیەکانی نەتوانینی هەڵبژاردنەوەی پارلەمان دەبێت ڕوونتر بێت. پارلەمانی هەڵبژێردراو، لە دۆخی زۆر ناسک و تایبەتیدا نەبێت، دەبێت بتوانێت لە وادەی خۆیدا کۆتایی پێ بێت.

## بەشی دووەم

## دەستەڵاتی جێبەجێکردن

**یەکەم: سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**٢٧. ماددەی (٦٣) هەروەکوو ماددەی (٤٤ سوێندی پارلەمێنتاران و ماددەی ٧١ سوێندی ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیران و سەرۆکوەزیران) ئاوا دەڵێت:**
**"بە خودای گەورە سوێند دەخۆم کە بە دڵسۆزییەوە یەکێتی گەل و خاکی کوردستان – عیراق بپارێزم، و ڕێز لە دەستوور و یاسا بەر کارەکان بگرم و سامانی گشتی بپارێزم و بە تەواوی چاودێریی بەرژەوەندیەکانی گەل بکەم".**
**من پێشنیار دەکەم ئەو سوێندە ئاوا بخوردرێت: "بەڵێنی یاسایی و ڕەووشتیی بە دانیشتووانی کوردستان دەدەم بە دڵسۆزییەوە لەگەڵ خاکی هەرێم و سامانی گشتیی بیانپارێزم، و ڕێز لە دەستوور و یاسا بەر کارەکان بگرم و بە تەواوی چاودێریی بەرژەوەندیەکانی گەل بکەم. وەکوو هەر هاووڵاتیەکی دیکە خۆم بە بەرپرسیار و ئەرکداری جێبەجێکردنی ئەرکەکانم دادەنێم".**
**دەلیلی من ئەمەیە: سوێندخواردن بە خودا و بە شتی دیکە هیچ زەمانەتێک بۆ دڵسۆزیی نادات. ئێمە دەزانین کە لە جیهانی ئیسلامدا ڕۆژانە بە ناڕاست بە ملیارد سوێند بە خودا و بە کەسانی دیکە دەخوردرێت. تا ئێستا خودا کەسی نەگرتووە و کەس لەسەر سوێندخواردن نە کەم نە زۆر لێێنەپێچراوەتەوە. با خۆمان نەخەینە داوی سۆز و هەستی ناپێویستەوە. ئێمە پێویستمان بە بەڵێنێکە کە بەرپرسیار بەرانبەر بەرپرسیاریی و ئەرک رابگرێت. دەنا ئەگەر سوێندخواردن سیمبولیکە ئەوا هەر نەبێت باشە.**

**٢٨. ماددەی (٦٥)**
**نۆیەم: "لێبوردنی تایبەتی زیندانیان بە دەرکردنی مەرسومێک بە پێی یاسا". ئەم خاڵە لە سیستەمی دیموکراسیی کە دادگا تیایدا سەربەخۆ بێت پێویست ناکات. ئازادکردنی کێ و لەبەرچی کاتێک کە دادگای سەربەخۆ بە پێی یاسای برەودار و بێهەڵاواردن سزایەکی سەپاندبێت؟**

**٢٩. ماددەی دەیەم: "پەسەندکردنی حوکمی ئیعدام یان سوککردنی بۆ زیندانی هەتاهەتایی". ئەم خاڵەش بە هەمان شێوەی سەرەوە. یەک: من لەگەڵ هەڵگرتن و تووڕدانی هەموو جۆرە حوکمێکی کوشتندام. دوو: ئەوە دادگای باڵا و پێداچوونەوە/ پێداهەڵچوونەوەیە کە دەبێت بتوانێت بڕیاری سەبارەت بە سوککردنی سزا بدات. ئەویش بڕیار بۆ کۆ نا، بەڵکو تەنها بۆ تاک و هەر پەروەندەیەکیش سەربەخۆ.**
**دووازدەهەم: جێی خۆیەتی ئەو ڕستەیە بۆ ئەو بڕگەیە زیاد بکرێت: "پاش کۆبوونەوە لەگەڵ وەزیری بەرگریی، ناوخۆ، ئاسایش و فەرماندەی باڵای مەیدانی پێشمەرگە".**

سێزدەهەم: جێی خۆیەتی ئەو ڕستەیە بۆ ئەو بڕگەیە زیاد بکرێت: "لەگەڵ دیاریکردنی ئەرک و فەرمان و جێگا و ماوەی مانەوەیان".

سەبارەت بە پێوەندی سەرۆکی هەرێم لەگەڵ ئەرکەکانی پارلەمان لە دوای خاڵی پازدەوە تا ماددەی بیستوچوار کە کۆتایە. جێگای قسەوباسی زۆرن. زۆرێک لەو ئەرکانە دەتوانرێت بە سەرۆکوەزیران بسپێردرێن.

خاڵی بیستوسێیەم دەکرێت هەر لە ناو خودی "زێرەڤانی هەرێم" دا ئەنجام بدرێت و خاڵی بیست و چوارەم زۆر سیمبولیکە و جیددیەتی سیاسیی تێدا نییە.

من پێموایە وشەی "زێرەڤان" کە پێنج (٥) جار لە ماددەی (٦٠، ٦٥ و ٧٤) دا هاتووە نابەجێیە. زۆر نەتەوەی بندەست هێزی گەریلایان (پێشمەرگە) هەبووە و پاش سەرکەوتن سوپایەکیان پێکهێناوە. لەمەودوا لە کوردستان باشتر وایە ئیتر "سوپای کوردستان" هەبێت.

**٣٠. ماددەی (٦٨)**

ئاماژە بە ماددەی (٦٤) دەکات کە لە ڕاستییدا هەڵەیە و دەبێت ئاماژە بە ماددەی (٦١) بکات. خۆ ئەگەر خودئاگانە ئاماژە بە مادەی (٦٤) کراوە دەبێت بنووسرێت کە کێ لەو دۆخەدا سەرۆکێکی هەرێم هەڵدەبژێرێتەوە و ئەو کەسە/ کەسانە یان ئەو لایەن/ لایەنانە لە کوێوە ئەو دەسەڵاتەیان پێ دراوە؟

دووەم: جێی خۆیەتی شتێکی وا بۆ ئەو بڕگەیە زیاد بکرێت: "بەڵام سەرۆکی پارلەمان هیچ بڕیارێکی نوێ لە بری ئەو نادات و تەنیا ئەو کارانە جێبەجێ دەکات کە بە پێی سرووشتی کار لەو ماوەیەدا پەیدا دەبن".

## دووەم: ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان

**٣١. ماددەی (٧١) سوێند. بە هەمان شێوەی خاڵی (٢٧) لە وەڵامی من.**

**٣٢. ماددەی (٧٦)**

یەکەم، پێویستی بە گۆڕانە. من پێموایە هەر هاووڵاتیەکی دانیشتووی هەرێم، باوەجودی پلە و مەقام، دەبێت لەبەردەم یاسای هەرێمدا هاوئەرک و هاوماف بن.

دووەم: ئەم بڕگەیە جێی باسە. دەبێت دامێک، کە سەربەخۆیە، بۆ دیاریکردنی مووچە، دەرماڵە و ئیمتیازی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و جێگرەکەی و وەزیرەکان هەبێت. دروست بە هەمان شێوەی پارلەمان.

## بەشی سێیەم

### دەستەی دادوەریی

**یەکەم: بنەما گشتییەکان**

**٣٣. ماددەی (٧٧)**

ئەم بڕگەیە هەڵە داڕێژراوە. دەبێت بنووسرێت "دەستەڵاتی دادوەریی لە هەرێمی کوردستان دەبێت سەربەخۆ بێت"، نەک "سەربەخۆیە". یەکەمیان پێداگرتنە (واتا مەرج نییە وا بێت) و دووهەمیان حوکمە، واتە دەبێت وا بێت.

**٣٤. ماددەی (٧٨)**

بە هەمان شێوەی ماددەی (٧٧). دەبێت بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە:
"دادوەریی دەبێت سەربەخۆ بێت و جگە لە یاسا نابێت هیچ دەستەڵاتێکی دیکەی بەسەر و لە سەرێوە هەبێت". یاخود "دادوەریی سەربەخۆیە و دەبێت سەربەخۆ بێت و سەربەخۆ بهێڵرێتەوە و جگە لە یاسا نابێت هیچ دەستەڵاتێکی دیکەی بەسەر و لە سەرێوە هەبێت".

**٣٥. ماددەی (٨٠)**

ئەم ڕستەیە قسەی وڵاتانی تۆتالیتار و دیکتاتۆرە و پێویست بە ناوبردنی گەل ناکات. هەر جۆرە هەڵەیەکی دادوەریی بەرانبەر بە تاکەکەس و گرووپ بکردرێت، ئەو بنکەی دادوەرییە بەرپرسیارە کە بڕیارەکەی داوە، نەک گەل. ئەوە گرینگە کە ئێمە باس لە سیستەمی دیموکراسی دەکەین حاڵی بین کە بە چ مانایەک دێت.

**٣٦. ماددەی (٨١)**

ئەو ئیمتیازانەی باس دەکرێن ناڕوون و ناکۆنکرێتن و بەو شێوەیە بۆ دەستەڵاتەکانی دیکە نەهاتوون. ئەو ئیمتیازانە بە مووچە و جۆری "پاداشتەوە" دەبێت ڕوون بکرێنەوە.

**٣٧. ماددەی (٨٩)**

"... بۆی هەیە داوای قەرەبوو لەو لایەنانە بکات" کەموکورتە. جێی خۆیەتی بنووسرێت "بۆی هەیە داوای قەرەبوو بۆ هەموو ئەو زیانە ماددی و کاتیی و گیانیانە بکات کە لەسەر خۆی و کەسوکاری نێزیکی کەوتوون". ئەوەیش گرینگە کە ڕێژەی

قەرەبوو، بێ لە دانەوەی خەرجیەکانی خۆی، دیاری بکرێت. ئەمە وا دەکات کە سیستەمی دادوەریی هەروا لە خۆوە و بە هاسانیی بڕیار لەسەر پەروەندە نەدات.

دووەم: دادگای دەستووریی

٣٨. ماددەی (٩٢)
دووەم: "سەرۆکی هەرێم بە ڕاوێژکردن لەگەڵ ئەنجوومەنی دادوەری [ی] ئەندامانی دادگای دەستووریی دەپاڵێوێ [ت]". بە ڕای من ئەمە دەستەڵاتێکی زۆرە بۆ سەرۆکی هەرێم. ڕەنگە هەبوونی سەرۆکی هەرێم لە لیژنەیەکی پاڵاوتندا کە بۆ نموونە لە حەفت (٧) ئەندامی پارلەمان و سەرۆکوەزیران پێک بێت ئەڵتەرناتیڤێکی باشتر بێت. ئایا ئەو پاڵاوتنە بەرپرسیاریەکی سیمبولیکە یان ڕاستەقینە؟ ئەگەر هەر سیمبولیکە و هیچ خۆ ماندووکردنێکی ناوێت، بۆچی هەبێت؟ خۆ ئەگەر بە جیددیە ئەوا بە تەنها سەرۆکی هەرێم بەس ناکات.
سێیەم: من پێموایە ڕستەی بە "مەرسومێک لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە دادەمەزرێن" لە زۆربەی حالەتەکاندا بکرێت بە "دەفتەری سەرۆکایەتی هەرێم"ـ ەوە. یەکەم، سەرۆکی هەرێم هەر دەبێت دەفتەرێکی خۆی بۆ کاروباری گشتیی تەکنیکی و وەڵامدانەوە و هتاد هەبێت. پاشان شتێکی سەیرە کە سەرۆکی هەرێم بە ڕاستیی لەسەر دامەزراندن یان دامەزراندنی هەموو ئەوانە تەنها دەنگ و دوا دەنگ بێت. ئایا بە ڕاستیی سەرۆکی هەرێم ئامادەیە هەموو ئەو بەرپرسیاریانە لە کردەوەدا بخاتە سەر شان و ئەستۆی خۆی؟ ئەگەر دامەزراندنەکان، پاش ئەو فیلتەرانەی کە دەزانین، تەنیا ڕەزامەندیەکی سیمبولیکیان پێویست بێت ئەوا دەفتەری سەرۆکی هەرێم دەتوانێت ئەو کارە بکات. خۆ ئەگەر نا، ئەوا دەبێت بپێوین کە ئایا کات و توانا و بەرپرسیاریەکانی سەرۆکی هەرێم لەو شێوەیەدا دەگونجێت یان نا؟

٣٩. ماددەی (٩٤)
ئەم ڕستەیە جێی باسە. باشتر وایە لەبەردەم کۆبوونەوەیەکی پارلەماندا کە لانی کەم دووسێی ئەندامانی ئامادە بن، سوێند بخۆن [بخوێنە: بەڵێن بدەن]، نەک لەبەردەم سەرۆکی هەرێمدا.

**٤٠. ماددەی (٩٥)**

**شەشەم: "... پێویستە بەلای کەم پێنج ئەندامی دادگا ڕەزامەندی لەسەر بدەن".**
**ڕستەیەکی ناپێویستە، چونکە بێ هۆ سەنگەری سەرۆکی هەرێم و جێگرەکەی زێدەقایم دەکرێت.**

## دەروازەی پێنجەم

### یەکەم: داواکاری گشتیی

**٤١. ماددەی (١٠٢)**

**وشەی وەکوو "قەزا" و "ناحیە" هەرئەوە نییە کە عەرەبین، بەڵکو شێوەیەکی ڕێکخستنیشە. باشتر وایە ئێمە ساختارێکی دیکەمان هەبێت. بۆ نموونە: دێ، شارۆچکە، شار، پارێزگا.**
**پارێزگا دەبێت کۆی هەموو ئەو "شار و شارۆچکە و دێهاتانە" بێت کە سەربەون.**

**٤٢. ماددەی (١٠٤)**

**بە ڕای من وشەی "شارەوانی" نە بۆ گوند و نە بۆ قەزا و نە بۆ پارێزگا دەبێت. چونکە وشەی "شارەوانی" خۆی لە بەڕێوەبردنی شارەوە سەرچاوە دەگرێت. من پێموایە بۆ دۆزینەوەی ناو بۆ بنکەیەکی کارگێڕیی بۆ ئەم جۆرە شتانە پێوستمان بە کات و بە کەسانی هەڵسوڕاو و ڕووناکبیرە کە بە دوای وشەگەلێکدا بکەوین کە بەڕاستیی مەبەست بپێکێت. من دووبارەی دەکەمەوە کە دەستوورێک دەبێت زۆر ورد و جیددی بەرخورد لەگەڵ زمان و وشە و واتادا بکات. پەلەکردن لە شتی وا گرینگدا کارێکی خراپە. ئێمە دەبێت بزانین کە دەستوورێک دەچێتە مێژووە و بۆ هەموو ئەو نەوانەی ئاییندەشە کە دێن. دروستە دەستوور لە قۆناخی جیاوازدا دەتوانرێت بگۆڕدرێت، بەڵام کاتێک کە هەر ئێستا بتوانین کاری باشتر بکەین بۆ نەیکەین؟**

**٤٣. ماددەی (١٠٥)**

**لە ڕاستییدا یەکێک لە گرنگترین لایەنەکان مەسەلەی بودجەی دێ، شارۆچکە و شارە. لەبەرئەوە بەشی یەکەی ئەم ماددەیە پێویستی بە ڕوونکردنەوەی زۆرە.**

## دەروازەی شەشەم

## دەستە و کۆمسیۆنە [کۆمیسیۆنە] سەربەخۆیەکان

٤٤. ماددەی (١٠٧)

یەکەم: لەبەر بایەخی ئەو خاڵانە گرینگە وردتر و ڕوونتر باس لەچۆنیەتی پێکهێنانی ئەو میکانیزمانە بکەین کە لە پشت پێکهێنانی ئەو دەستە و دیوانانەوەن. بە تەنها هەبوونی یاسایەک بەس ناکات.

دووەم: هەر هەمان شێوەی سەرێ. ئێمە لەم ساڵانەی دواییدا بینوومانە کە چەند شێواندنی هونەریی و کولتوریی و فەرهەنگیی لە کوردستان بە هۆی هەبوونی "ڕاوێژکارانەوە" کردراون. ئێمە وەکوو نەتەوە پێویستمان بە میکانیزمی ڕوونترە کە کێ بە "ڕاوێژکار" دابنێین و توانای ئەوانە چەند بێت.

٤٥. ماددەی (١٠٩)

ئایا "ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێم" بە تەنها پێوەست بە سەرۆکی هەرێمەوە بێت یان سەرۆکوەزیران و سەرۆکی پارلەمانیش؟ ئەگەر نا، پاساو بۆ ئەوە چییە؟ لە سیستەمی دیموکراسییدا پرسە ئاسایشیەکان، هەندێکی زۆر تایبەتیی نەبن، دەبێت تا ڕادەیەکی باڵا شەفاف بن.

## دەروازەی حەوتەم

## حوکمە داراییەکان

٤٦. ماددەی (١١١)

گرینگتر و هاسانترە بنووسرێت "هەموو ئەو داهاتانەی دێنە ناو خەزێنەی دەوڵەتەوە، وەکوو:".

ماددەی (١١٢)

"ساڵی دارایی بە یاسا دیار دەکرێت"، دروستترە کە واز لە زەحمەتکردن بهێنین و ڕاستەوخۆ ساڵی ڕۆژژمێر، واتە ١/١ تا ١٢/٣١ بە پێی ساڵی زایینی بکەین بە پێوەری کات. هەموو ئەو پارانەی دامودەستگاکان تا ١٢/٣١ لە حیسابیاندا دەمێنێتەوە دووبارە بگەڕێتەوە خەزێنەی دەوڵەت.

٤٨. ماددەی (١١٣)
دووەم: ئەم ڕستەیە جێی خۆیەتی ئاوا فۆرمولە بکرێتەوە: "سێ مانگ پێش تەواوبوونی ساڵی دارایی کار، هەموو لایەنێکی پێوەندیدار دەبێت پرۆژەبودجەی کاری خۆی بۆ ساڵی داهاتوو بداتە پارلەمانی کوردستان- ئێراق".

٤٧. ماددەی (١١٤)
دوو تێبینیم لەسەری هەیە، یەک، ئەو ماددەیە قەدەخەبوونەکە ڕوون دەکاتەوە، بەڵام ئاماژە بە سزای سەرپێچی ناکات. دوو، وشەی "لەسەر خۆ تاپۆکردن، بۆخۆبردن، زەوتکردن" دەبێت بۆ ئەو ماددەیە پێش وشەی "بکرن" زیاد بکرێت.

## دەروازەی هەشتەم

## کارپێکردنی دەستوور و لێکدانەوە و هەمووارکردنی

٤٩. ماددەی (١١٧)
تا ئێستایش پشت بە شێوەی کۆن بۆ کارکردن دەبەستێت. بە ڕای من ئەو ماددەیە دەبێت ئاوا فۆرمولە بکرێتەوە: "یاساکان لە ماڵپەڕی ڕەسمیی پارلەمانی کوردستان، لە ماڵپەڕی وەزیران و ماڵپەڕی حکومەتی هەرێمی کوردستان و لە ماڵپەڕی لایەنی پێوەندیداردا لە ژێر ناونیشانی "یاسای نوێی برەودار" دا بە زووترین کات، بە نە درەنگتر لە هەفتەیەک، بڵاو دەکرێتەوە. هەروەها لە ڕۆژنامە ڕەسمیەکانی هەرێمی کوردستانیشدا لانی کەم دوو جار لەسەر یەک لە ڕۆژانی جیاوازدا بڵاو دەکرێتەوە".

٥٠. ماددەی (١١٨)
بە ڕای من ئەم ماددەیە پێویستی بە دووبارە فۆرمولەکردنەوەیە. بۆ نموونە: "پاش ڕەزامەندیی زۆرینەی دەنگدەرانی گەلی هەرێمی کوردستان لە ڕاپرسیەکی گشتییدا لە سەری، ئەم دەستوورە پەسەند دەکرێت. دەبێت لانی کەم یەک مانگ لەبەردەم ڕای گشتییدا بێت و یەک مانگیش مۆڵەتی پرسیارکردن، ڕەخنەگرتن و پێشنیار هەبێت. بنکەی تایبەتی بۆ کۆکردنەوەی ئەو پرسیار و پێشنیار و ڕەخنانە دەبێت بە ژمارەتەلەفۆن و ئیمایل و ئەدرێسی روونەوە هەبێت".

**٥١. ماددەی (١٢٠)**

**دووەم: ئەم بەشەی ئەم ماددەیە نادروستە و دەسته‌ڵاتی ناپێویست و زۆر بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان و لایەنەکانی دیکە دەدات. بە تایبەتی لەم دۆخەی ئێستای کوردستاندا کە هەم سەرۆکی هەرێم و هەم پارلەمانیش دەبێت هەڵببژێردرێنەوە. ئێمە ئەوانەی بانگەشەی دیموکراسیخوازیی و دیموکراسیبوون دەکەن دەبێت لە جیددیەتی ئەم باسە تێبگەن کە لەم دۆخەدا کەسانی ڕۆشنبیر و کەسایەتی و پارتی سیاسیی بتوانن داوای *هەموارکردن* بکەن و قبوڵیش بێت. ئایا پرسیارەکە لەسەر ئەوە نییە کە ئێمە پێکەوە باشترین دەستوور بۆ دانیشتووانی کوردستان ئامادە بکەین؟**

**لەبەرئەوەی دانیشتووانی هەرێم ئەم دەستتورە هەڵدەبژێرن ئەوا جێی خۆیەتی نوێنەرانی پارتە سیاسیەکان بە ڕاوێژ لەگەڵ سەرۆکی پارلەمان و سەرۆکی هەرێمدا (مەرج نییە ئەوانیشی تێدا بێت) پێشنیار بۆ دانانی ڕۆژێک بۆ دەنگدان بە دەستوور بدەن. بە ڕای من ئەو ڕۆژە حەتمەن دەبێت بکەوێتە پاش هەڵبژاردنی پارلەمانێکی نوێ و هێندەش کات بە خەڵک مۆڵەت بدرێت کە ڕایگشتیی بتوانێت بە کاوەخۆ تاوتوێی بکات.**

**لەبەرئەوە بەشی دوو (٢) و چوار (٤) لەم ماددەیە دەبێت لاببرێت یان سەرلەنوێ فۆرمولە بکرێنەوە.**

**لەم باسە نەچینەدەر هەموارکردن وشەیەکی فارسیە کە بە مانای تەختکردن و ئاستەنگ نەهێشتن دێت. لە زمانی کوردیدا بە پێی هەمبارەبۆرینەی هەژار بە مانای "ڕێکوپێک کەوتوو" دێت، کە دەتوانین بڵێین "ڕێکوپێک کردن". ئێمە وشەی کوردیمان زۆرە کە بەکەڵکی بەکارهێنان دێن و لەو وشەیە ڕوونترن. خۆ ئەگەر هەر وشەی "هەموار" بەکاردەهێنین، ئەوا دەبێت ماناکەی لە سەداسەد ڕوون بێت. چونکە لە باسی سیاسییدا ناتوانین بە وشەیەک کار بکەین کە مانای جیاواز بداتەوە. وشەی ڕێکوپێک کردن بۆ دەستوورێک ناجۆر و نادروستە، چونکە ئێمە نازانین کوێ "ڕێکوپێک دەکرێت".**

**ئەو دەستوورە دەبێت بگۆڕدرێت و گۆڕانەکان دەبێت هۆ و دەلیلی سیاسیی و ئابووریی و کولتوریی و هۆی دیکەیان هەبێت و کۆنکرێت بن.**

**٥٢. ماددەی (١٢٢)**

**"... و سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ماوەی دە (١٠) ڕۆژ دوای ڕەزامەندی لەسەردانی لە ڕاپرسیە گشتیەکەدا، بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وقائیعی کوردستان) لە**

ئەستۆ دەگرێ". ئەم ماددەیە پێویستیەکی تەواوی بە دووبارە داڕشتنەوەیە چونکە کوردیەکەی ناتەواوە و پەلەی پێوە دیارە. من قسەم لەسەر بڕگەی دوو و سێیەتی. بڕگەی دوو دەستەڵاتی ناپێویست بە سەرۆکی هەرێم دەدات و بڕگەی سێی شێوەیەکی کۆنە بۆ ڕاگەیاندن. جێی خۆیەتی بڕگەی دوو لابېردرێت یان وا فۆرمولە بکرێتەوە کە دەستەڵاتیکی سیمبولیک (تەشریفیی) بە سەرۆکی هەرێم بدات. بۆ بڕگەی سێی من پێشنیاری دووبارەکردنەوەی وەڵامی ئەم نووسراوەیە بۆ ماددەی (١١٧) دەکەم.

لەم خاڵانە بەدەر من هەروەها پێموایە کە ئەو بەڕێزانەی دەستوورەکەیان نووسیوە بەرژەوەندی حیزبی و کاتییان وەبەرچاوگرتووە. بۆ نموونە:

١. ئەو ڕاستیەیان لەبیرکردووە کە دەستوور کاتێک ئامادە بوو پێویستە کات و مۆڵەتی باشی بۆ تەرخان بکرێت. دەستوور بۆ دانیشتووانی هەرێمە. ئەگەر ئەوان و پێکهاتەکانی ئەوان نەتوانن یان بۆیان نەبێت یاخود پەلەیان لێبکرێت، چۆن دەستوور دەتوانێت لە بەرژەوەندیی ئەواندا بێت؟

٢. بە هیچ شێوەیەک جەختی لەسەر نەهەبوونی میلیشیا و بازنەی زانیاری کۆکردنەوەی حیزبی و سزادانی نەکردووە. ئێمە دەزانین لە کوردستان کامانە هەن و چییان کردووە و سەر بە کوێن. ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە دامێکی ئاسایشی نەتەوەیی شەفاف و دیار هەبێت؟

٣. لەسەر سامانی حیزبی نەدواوە. کە ئەو سامانە لە کوێوە سەرچاوە دەگرن و دەبێت بیگرن و لە دەرەوەی ئەوەدا باس چی دەبێت؟ ئەو ڕێکخراو و حیزبانە کامانەن کە سامانیان بە پارەی ئەندامەتی و ئابوونەی ئەندامانیان کۆبووەتەوە؟
هیچ هاووڵاتیەکی کوردستان نابێت سڵ بکاتەوە بپرسێت "ئەمەت لە کوێ بوو؟".

٤. باس نەکراوە کە بە پێی یاسا، بۆ نموونە وەزارەتی ئەوقاف، بەرپرسیی سیاسیی ئەو پارانە بێت کە دەوڵەتانی دیکە بۆ کردنەوەی مزگەوت لە کوردستان دەیکەن. کوردستان تا ئێستایش خاکێکی نەکێڵراوە و بە داخەوە دەوڵەتانی دەراوسێ بە توندیی دەستیان تێوەرداوە. هەموو ئەو دەوڵەتانەی بە ناوی ئیسلامەوە پارەی مزگەوت دروست کردن دەدەن دەبێت بە تاکەکەس و بە حیزبی نەدەن، بەڵکو بڕەپارەکە دەبێت بچێتە خەزێنەی بودجەی وەزارەتی پێوەندیدارەوە و ئەو بڕیار بدات وەریبگرێت یا نا، ئەگەر وەریگرت چی لێبکات و چۆن بیکات و بەو شێوەیە.

٥. وەک ئاماژەم پێکردووە هیچ لەسەر هەبوونی خەزێنەی دەوڵەت و بانکی نەتەوەیی نەنووسراوە. من لەسەرەوە ئاماژەم پێ کردووە کە تەنها لە وڵاتانی تۆتالیتار و دیکتاتۆردا خەزێنە هی حکومەتە. حکومەت دەوڵەت نییە. دەوڵەت دامەزراوەیەکی

سیاسییە کە لە دەیان و بگرە سەدان دامەزرۆکەی جیاواز پێک دێت و هی هەموو دانیشتووانی ئێستا و ئاییندەیە. حکومەت نوێنەرایەتیەکی سیاسییە بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی وڵات لە ماوەیەکی زۆر دیاریکراودا. من بە خۆشیەوە ئامادەم لەسەر ئەم باسانە سیمینار بۆ لایەنانی پێوەندیدار و بۆ خەڵکی گشتیی بگرم.

٦. هیچ ئاماژەیەکی تایبەتی بە دۆخی تایبەتی ژنان نەکراوە. ئێمە ئاگادارین، بێ لە چەندین جۆری هەڵاواردن، هەروەها لێدان و کوتان و کوشتن و سوتاندن و بەسووتاندانی ژنان چەند بەرفراوانە. لەبەرئەوە جێی خۆیەتی دەستوور ئاماژەی ڕوون بۆ کۆمەڵێک هەنگاو بکات، لانی کەم لە دوو خولی هەڵبژاردندا، واتە بۆ ٨ ساڵ، کە حکومەتەکان پێی هەڵسن و ئەرکدار بن. ئەوە بەس ناکات کە حکومەتێک لە ماوەیەکدا یەک دوو بنکە لێرەولەوێ بکاتەوە. ئەو کارانە هەموو سیستەمی خوێندن، تەندروستیی و چاوەدێریی و شتی دیکە دەگرێتەوە.

٧. باسی مافی مرۆڤ و مافی کار و مافی ژیان و مانەوە بۆ ئەوانەی لە دەرەوە بۆ کار دەهێنرێن یان دێنە کوردستان نەکراوە.

٨. باسی یارمەتیدانی وڵاتانی هەژار نەکراوە لە کاتێکدا ئێمە دەزانین کوردستان وڵاتێکی دەوڵەتمەندە. یارمەتیدانی وڵاتانی هەژار، بۆ نموونە وەکوو بەنگلادیش، هەر بە تەنها پرسێکی سیاسیی نییە، بەڵکو پرسێکی ڕەووشتی و ئێتیکیشە. یارمەتیدانی وڵاتانی هەژار، ئەگەر بە ڕێژەیەکی زۆر کەمیش بێت، سەنگەری هاوپشتیی و جیددیەتی سیاسیی و ڕێز لە خۆمان پتەو دەکات. ئەڵبەت من ئاوەدان کردنەوەی کوردستان و دابین کردنی سیستەمی ریفاهی گشتیی و پەیداکردنی کار و بەهێزکردنی بنەمای ئابووریی و پیشەیی بە ئەرکی ئێستای خۆمان دەزانم، بەڵام هاوپشتیی لەگەڵ جیهانیی هەژاردا دیسپلینی کار و بەرپرسیارێتیمان بەهێز دەکات.

٩. هیچ لەسەر خەزێنەی دەوڵەت، هەروەکوو لەسەرەوە ئاماژەم پێ کردووە، باس نەکراوە.

سەبارەت بە خاڵی دیکە کە پێوەندی بە دەستوورەکەوە نییە، بەڵام لەم کاتەدا بە هۆی هەڵبژاردنەوە دەتوانێت هەیبێت:

١. قسەگەلێک دەکرێت کە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ئەو مانایەی هەیە کە گوایا دەستوور بەرهەمی "لیستی کوردستانیی" ـ ـە و کە "لیستی گۆڕان" دژایەتی هەبوونی ئەو دەستوورە دەکات. هێندەی من ئاگادار بم هەموو لایەنانی جیددی لە کوردستان خەبات بۆ هەبوونی دەستوورێک دەکەن. ئەوانەی ڕەخنە و پێشنیاریان بۆ گۆڕین لەم

دەستوورەدا هەیە، نە دژ بە هەبوونی دەستوورن و نە بەم دەستوورەن، بەڵکو داوای گۆڕانکاریی دەکەن تیایدا. ئەوەیش مافی هەر هاووڵاتییەکی کوردستانە. لەم بابەتەوە داوا دەکەم کەس ئەم دەستوورە وەکوو چەکی هەڵبژاردن بەکارنەهێنێت. ئێمە هەموو پێکەوە دەبێت دەستوورێک ئامادە بکەین کە شایستەی خەڵکی کوردستان بێت.

٢. لێرەولەوێ هەندێک کەس دەڵێن ترسمان لەوەیە کە دەستوور جێبەجێ نەکرێت، دەنا دەستوورەکە باشە، بۆ ئەوەیش پاساوی دواکەوتووی خۆرهەڵاتی ناوەند دەهێندرێتەوە. من پێموایە زۆر گرینگە واز لە قسەگەلی خەتەر و پڕ مەترسیی لەو جۆرە بهێنین. پێش ئەوەی ئێمە ترسمان لە جێبەجێنەکردنی دەستوور بێت دەبێت خاوەنی دەستوورێکی باش بین. ئەوە چ بیانوویەکە کە لەبەرئەوەی گوایا جێبەجێ ناکرێت بە بەرهەمی خراپ و ناتەواو ڕازی ببین. ئەگەر وایە هەر بۆ خۆمان ماندوو بکەین؟ پاش ئەوە هیچ بیانوویەک نابێت بۆ جێبەجێ نەکردن هەبێت و هیچ دەتسەڵاتێک نابێت بۆی هەبێت فوو بە شمشاڵی لەو جۆرەدا بکات. خۆ دانێستووانی کوردستان شۆخیی و گاڵتەیان لەگەڵ دەستەڵاتداران نییە. دەستوور کە هەبوو دەبێت جێبەجێ بکرێت. هیچ هۆیەک نییە بۆ جێبەجێ نەکردنی. ئێمە لە کوردستان کۆمەڵێک فاکتەری گرینگمان هەیە کە بە ڕاستیی زەمینەی پێشکەوتن و سەرکەوتن فەراهەم دەکەن. یەک لەو فاکتەرانە ئەوەیە کە دانیشتووانی کوردستان خوازیار و داواکاریی گۆڕانکاریی و پێشکەوتنن، و دووەم، ئێمە پارەمان هەیە کە دەتوانین بەکاری بهێنین.

٣. لە کۆتاییدا ئەوەیش گرینگە جەختی لەسەر بکەین کە حکومەتی کوردستان کاری زۆر کردووە و هەندیک لەو کارانە شایان باسن، بەڵام کە کەموکورتیی زۆرە و دەکرا شتی زۆر باشتر و بە شێوەی ڕێکوپێکتر و خێراتر ئەنجام بدرایە. من پێموایە هەردوو ئەو لایەنە دەتوانن هەم پێوەندیان بە دەستوورەوە هەبێت و هەم بە هەڵبژاردنەوە.

## سەرئەنجام:

دەنگدانی پارلەمان بۆ "هەمووارکردنی" ئەو دەستوورە لە ٢٠٠٩/٦/٢٤ و پاشان سووربوون لەسەر دەنگدان لەسەری لە ٧/٢٥ دا کارێکی نادروستە کە زیاتر شەڕەقۆچی سیاسیە و بەشێکە لە ماکی "شەڕی براکوژی" کە ئێستا بە شێوەیەکی دیکە و لە فۆرمێکی دیکەدا خۆی دەنوێنێت. ئەندامانی پارلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەزانن کە ئەو ڕۆژەی ئەوان ئەو بڕیارەیان دا تەنها یەک مانگ بۆ هەڵبژاردنی پارلەمانێکی نوێ مابوو. بە هەموو ئەقڵێکی سیاسیی، ئەگەر قازانج و بەرژەوەندی گشتیی لەبەرچاو بگیرێت، دەبا [دەبێت] ئەو بڕیارە بۆ پارلەمانی نوێ بەجێبهێڵرایە و بخرایەتە سەر مێزی ئەوان. دیارە هۆی دیکە زۆرن، بەڵام هەر ئەو

هۆیە بەسە بۆ ئەوەی درێژە بەم باسە نەدەین و من لە سەرەوە ئاماژەم پێ کردووە کە گرنگترینیان ئەمانەن:

- پارلەمانێکی نوێ هەڵدەبژێردرێت. ئەدی بۆ ئەو پارلەمانە کە بە پێی کات بە ڕاستی تازەترین نوێنەری خەڵکە بڕیار لەسەر دەستوور نەدات؟
- سەرۆکی هەرێم هەڵدەبژێردرێتەوە کە پێوەندی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی بە دەستوورەوە هەیە. ئایا بۆ نەکوێتە پاش ئەو؟
- دەستوور بۆ خەڵکە. لەبەر ئەوە خەڵک دەبێت مۆڵەت و کاتی تێڕامان و بیرکردنەوە و پرسیاریان بە تێروتەسەلی پێ بدرێت. ناکرێت لەبەر "خاتری خەڵک" خەڵک فەرامۆش بکرێت. بە تایبەتی وا باس دەکرێت کە ئەو دەستوورە بەرهەمی زیاتر لە چوار ساڵ کارە. بەو شێوەیە دەبێت کاتێکی وا بە خەڵک بدرێت کە کاتی خوێندنەوەی بەرهەمی چوار ساڵیان هەبێت.

من پێموایە هەروەها جێی خۆی بوو خەڵک بزانێت ئەو پرۆژەدەستوورە بە کام قۆناخانەدا تێپەڕیوە و چەند پارەی تێچووە و هتاد..

لە کۆتاییدا داوا لە گرووپ و ڕێکخراو و حیزبە سیاسییەکان و هەروەها کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان دەکەم کە بە لەبەرچاوگرتنی ئەم خاڵانەی من و زۆر کەسی دیکە بە جیددی گفتوگۆ و ڕاوێژ لەسەر دیاریکردنی کاتێک بۆ وەڵامدانەوە و کاردانەوەی دانیشتووان و پاشان بۆ دەنگدان دیاری بکەن.
هیوای سەرکەوتن بۆ پرۆسەی هەڵبژاردنی پارلەمان و سەرۆکی هەرێم و دەستوور دەخوازم و هیوادارم لە دۆخی ئارام و ئاسایش و هاوڕێیانەدا جێبەجێ بکرێن و هەریەکەمان لە ڕاگرتنی پرینسیپی ئاشتیی و پێکەوەهەڵکردن و پێکەوەبووندا ئەرکی سەرشانمان بە جیددی و بێ خەوش پیادە بکەین.

ڕێبوار ڕەشید
٢٠٠٧/٧/١٠

www.helwist.com